هەڕەشەکانی تورکیا لەسەر یەکێتی.. عوسمانی حاجی مارف

ڕۆژنامەی خەباتی پارتی، لە مانشێتێکی گەورەدا لە ماڵپەڕەی خۆیدا ڕایگەیاندووە، پارتی کرێکارانی کوردستان گروپی چەکدار لە سلێمانی پێکدەهێنن و دەیاننێرن بۆ چیای قەندیل و ناوچە کوردییەکانی سوریا. ئەمەش بەجیا لە کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر هەڵبژاردن، بەو ئاکامەی گەیاندوە کە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی چووەتە ناو قۆناغێکی بارگرژی زیاترەوە.
هەروەها ڕاپۆرتێکیش کە ڕۆژنامەیەکی سەر بە پارتی بڵاویکردۆتەوە، گوایە شاری سلێمانی وەک بنکەی دواوەی پەکەکە بەکاردەهێنرێت، بەپێی سەرسوڕمان و توڕەیی سەرکردەکانی یەکێتی لێکەوتەوە، کە ئەو ڕاپۆرتە وەک هاوکاری هەواڵگری بۆ تورکیا لێک ئەدەنەوە، هاندانێکی ڕاشکاوانەیە تا حکومەتی تورکیا بکەن بەگژ یەکێتیدا.
ئەوەی هۆکاری زیاتر تووڕەیی یەکێتییە لەسەر ئەو ڕاپۆرتە، ئەوە بوو کە یەکێتی دەڵێت هەڵمەتێکی تۆمەتبارکردنی لەگەڵدایە، کە گوایە یەکێتی باوەشی بۆ پەکەکە کردۆتەوەو پشتیوانی پەکەکە دەکات دژ بە تورکیا، کە پێشتر بەرپرسانی باڵای تورکیاش وێنا یەکی لەو چەشنەیان لەسەر یەکێتی داوەو دەرگای هاتوچۆیان لەسەر داخستون.
گرژیی نێوان بارزانی و تاڵەبانی کە لەم دواییانەدا بەهۆی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمەوە لە نێوانیاندا پێشهات، بەوەی یەکێتی پێداگری لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکات، بەقەبوڵکردنی هەموارکردنی یاسایی و ڕێکارەکان، کە بەم دواییە لەلایەن دادگای فیدراڵی عێراقەوە پەسەندکرا، بەڵام پارتی پێداگری لەسەر دواخستنی دەکات و بڕیاری لەسەر بایکۆتکردن داوە ئەگەر ئەم هەموارکردنانەی دادگای ناوبراو هەڵنەوەشێنەوە. هەربۆیە مەسرور بارزانی هەوڵی داوە لەڕێگەی داوای سکاڵا لەسەر بڕیارەکانی ئەو دادگایە، هەڵبژاردن بخاتە کاتێکی دواترەوە، کە لەم ڕۆژانەدا ئەو سکالایەش لەلایەن دادگاوە ڕەتکرایەوە.
ئەوە شاراوە نییە کە کێشەو ململانێی پارتی و یەکێتی، لە یەکەم ڕۆژی دەسەڵاتیان لە هەرێمدا وەک دوو هێزی میلیشیای ناسیۆنالست لە ماوەی سی ودوو ساڵدا، زۆر بەچڕی لە هەوڵی ئەوەدا بوون بە هەر بەهاو شێوازێک بۆیان لوابێت لە هەوڵی شەڕی ئەوپەڕی بێشەرمانە و دڕندانەو تێکشکان و ڕیسواکردنی یەکتریدا بوون. هاوکاری بەعس بۆ پارتی، هاوکاری کۆماری ئیسلامی بۆ یەکێتی لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦

نمونەیەکی لە بیرنەکراوی ڕیسوایی هەردوولایانە، کە تائێستا ئەم ڕێبازییان نەریتێکە بۆ چەندەمین جار دوبارە دەبێتەوە و شەرمەزاریش نابن.
هەروەها بافڵ، پارتی بەوە تۆمەتبارکرد کە زانیاری ناڕاستی بە تورکیا داوە و لەڕادەبەدەر بە چەواشەکارانە و نادروست و بێبنەما وەسفی کرد.!
هەڵبەتە ئەم جۆرە لە راپۆرت و سیخوری لە بەرامبەر یەکتردا کارێکی تازەو نامۆ نیە، نەریتێکە لە ململانێی حزبەکانی کوردایەتی، کە لەکاتی جیاوازی فکری و سیاسی و نەتەبابوونی بەرژەوەندیەکانیان جگە لە ملشاکاندنی یەکتر ڕێگایەکی تریان بەدەستەوە نیە.
لەگەڵ پەرەسەندنی بەرچاوی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تورکیا لە ناوچەکە، ئەو جۆرە تۆمەتانە، کە لەلایەن سەرکردە حزبی و ئەمنیەکانی یەکێتی لە سلێمانی ڕەتدەکرێنەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا بوونەتە مایەی نیگەرانی و ترس لەوەی تورکیا ئامادەکاری زیاتر دەکات بۆ فراوانکردنی ئۆپەراسیۆنەکەی، لە لایەکی تریشەوە فشارەکانی بەسەر ناوچەی یەکێتی زیاتر دەبن، ئەوەش ڕۆشنە کە پارتی بە خۆی ئەوە باش دەزانێت کە تورکیا بە هیچ جۆرێک دەست لە خەڵکی سڤیل ناپارێزێت.
لە کاتێکدا بارگرژی یەکێتی و پارتی لەئێستادا کە خەریکن مامەڵەکردن لەسەر هەڵبژاردن بە بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیەوە دەکەن و لە بەردەم دۆخێکی دژواردان لە پەیوەند بە ئایندەی هەرێم و پەیوەندیان لەگەڵ حکومەتی بەغدادا، کێشەکە لەلایەن پارتیەوە بە ئاشکرا پەلەدەکێشت بۆ تەخکردنەوە ڕوبەڕوکردنەوەی یەکێتی لە بەرامبەر تورکیادا، چونکە لەلایەک ئەو نەخشەو هەوڵانەی حکومەتی بەغدا لە گەشەی ئابوری لە پەیوەندی لەگەڵ تورکیا وازێیان کردوە، بەئاراستەی کاڵبونەوەی پێگەی پارتیە و بۆشاییەک لە پەیوەندی نێوان بارزانی و تورکیادا پێکدەهێنێت، یەکێتیش زیاتر خۆی ڕادەستی نەخشەو سیاسەتەکانی حکومەتی بەغداکردوە، پارتی فرسەت دەهێنێت لەو قەیرانەی دەرگیری بووە لەلایەک سەرنجی دڵسۆزی خۆی بە تورکیا نیشان بدات، لەلایەکیترەوە یەکێتی بخاتە ناو تەڵەی گێژاوی هەڕەشەکانی تورکیاوە.
بەرپرسێکی نووسینگەی ڕاگەیاندنی یەکێتی بە تووڕەییەوە وەڵامی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی خەباتی دایەوە، و ڕادەگەیەنێت کە ئەوەی ڕۆژنامەی خەبات بڵاویکردۆتەوە تەنیا پەیامێکی درۆ و چەواشەکارانەیە و بانگهێشتکردنێکە بۆ ئەوەی دەوڵەتی تورکیا خەڵکی سڤیل لە سلێمانی و هەڵەبجە بکوژن و ئاسایش و ئارامی ناوچەکە تێکبدەن، لەهەمانکاتدا ئاماژە بەوەش ئەدات کە پەکەکە لەنێوان

سنوری عێراق و تورکیادایە، هەروەها تورکیا و پارتی خۆشیان دەڵێن کە ٤٠٠ گوند لەژێر کۆنترۆڵی پەکەکەدایە، واتە پێویستی بە ناوچەی سەوزی یەکێتی نییە!؟.
لەدوایین ئاگادارکردنەوەی تورکیا بە یەکێتی بەوەی هاوکاری پەکەکە دەکات، وەزیری دەرەوەی تورکیا ڕایگەیاند، لەوماوەیەدا داوای لە پارێزگاری سلێمانی کردوە، کە دەسەڵاتداران واز لە پشتیوانیکردنی پەکەکە بهێنن و لێی دووربکەونەوە، ئەگەر وانەکەن ئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا بەردەوام دەبن و ئۆپەراسیۆنەکان لە دێی سلێمانیدا ئەنجام دەدرێن.
ئەو وەزیرە جەختی لەسەر ئەوەش کردوە، وەڵاتەکەی لە کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ یەکێتی ڕوون بووە و هۆشداریشی داوە لە بەردەوامبونیان لەیاریەکان و خۆخستنە ناو تەڵەی هاوکاری پەکەکەوە. داوای لێکردون پاڵپشتیەکانیان بە پەکەکە ڕابگرن و بانگهێشتیان نەکەن بۆئەوەی بێنە سلێمانی، نەهێڵن سوود لە نەخۆشخانەکانی پارێزگاکە وەربگرن. هەروەها هەڕەشەی ئەوەشی کردوە کاتێک "ئێوە لەگەڵ پەکەکە کار دەکەن و ئێمە ئەمە دەبینین، دەبێت شتێک لە دژی ئێوە بکەین، چونکە ئەم ڕێکخراوە بە ئێوە دروست بووە کە ئێمە بکاتە ئامانج، بۆیە ناتوانین ڕێگە بدەین ئەمەڕووبدات".
تورکیا لەم دواییانەدا دەستیکرد بە دروستکردنی بنکەیەکی سەربازی نوێ لە پارێزگای دهۆک، لە ژێر ڕۆشنایی بێدەنگی فەرمی حکومەتی بەغدا کە ڕەنگدانەوەی بوونی گڵۆپی سەوزە لە بەغداوە بۆ ئەنقەرە، بە ئامانجی ئاسانکاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ پەکەکە، لەژێر ڕۆشنایی گەشەسەندنی بەرچاو کە لە پەیوەندیەکانی تورکیا و عێراقدا تۆمارکراوە، بەتایبەتی لە بواری گەشەپێدان و ئابووریدا.
هێزەکانی تورکیا لەم دواییانەدا ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانیان لە ناوچەکانی باکوری عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەپێداوە، هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانیان لەگەڵ ڕێوشوێنی دامەزراندنی ئامادەبوونی سەربازی جێگیر لەو ناوچانەدا بە دامەزراندنی بنکەی سەربازی.
تورکیا چالاکانە کاردەکات بە گۆڕینی ناوازەیی هەڵوێستی یەکێتی نیشتمانی سەبارەت بە شەڕەکەی دژی پەکەکە، بەڵام لەم نێوەدا یەکێتی لەڕێگەی پاشکۆیی و پەیوەندیەکانی بە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ناتوانێ هەڵوێستێکی پێگیرو ڕۆشن و یەکلاکەرەوە نیشان بدات، پارتیش ئەم دۆخەی قۆستەتەوە لە هەوڵی توندکردنەوەی کێشەکانی نێوان تورکیاو یەکێتیە.
ئەم هەڕەشانەی تورکیا لەسەر یەکێتی بە بەرژەوەندیەکانی پارتی لەم دۆخەدا کە کێشەکان پەرشوبڵاون، هەلێکی داوە بە بارزانی پاشقولێک لە یەکێتی بگرێت لە بەرامبەر ئەو پاشقولانەی یەکێتی لەسەر

ه□بژاردن ل□ پارتی د□گر□ت. ل□ه□مانکاتدا ب□رد□وامی ئ□و پر□س□و ک□شان□ی□ ک□ ی□ک□تی و پارتی ل□ب□رامب□ر ی□کتردا ل□ ه□و□ی شکاندنی هاوس□نگی ه□زی ی□کتردان، و□ک ه□ر جار□کی ترو نمون□ی□کی پ□رچ□کردار ل□ب□رامب□ر ی□کتردا ئاکام□ک□ی چ کار□سات□ک د□خولق□ن□ت، قوربانی□کان چ□ندن و د□خ□ک□ ب□ر□و کو□ د□بات، ب□هیچ ش□و□ی□ک ناتوان□ت ل□ بیرکردن□و□ی بارزانی و تا□□بانی و س□رکرد□کانی ی□ک□تی و پارتیدا ب□ت.

ئ□نق□ر□ ل□ ئ□نجامی ناک□کی ب□رب□اوی ن□وان پارتی و ی□ک□تی ه□و□ د□دات تا د□توان□ت سوود ل□ د□خی لاوازی ناوخ□یی ه□ر□می کوردستان و□ربگر□ت، ل□ب□رامب□ر دوژمنای□تی□کی ئ□وپ□□ی خ□ی ل□گ□□ ی□ک□تی نیشتمانیدا، ئ□نق□ر□ تا□اد□ی□کی ز□ر س□رک□وتوو بوو□ ل□و□ی بارزانی و پارتی دیموکراتی بکات□ هاوپ□یمان و هاوکارو پاشک□، ل□ه□مانکاتدا پارتیش و□ک د□س□زی ب□ تورکیا دژای□تی□کی ب□پ□رد□ ل□ ب□رامب□ر پ□ک□ک□دا نیشانداو□.

ه□رچ□ند□ هیچ □□ک□وتن□کی نووسراوی ن□وان لای□ن□کانی تورکیا و ع□راق س□بار□ت ب□ ب□شداریکردنیان ل□ ش□□ی دژی پ□ک□ک□ □ان□گ□ی□ندراو□، ب□□ام س□رچاو□ سیاسی□کان □□تیان ن□کرد□و□ ک□ ئ□رد□غان ب□□□نی زار□کی ل□ ب□رپرسانی با□ای د□س□□اتی فیدرا□ی و ه□رو□ها ل□ ه□ر□می کوردستانی ع□راق و□رگرتب□ت تا □اد□ی□ک هاوکاری سوپای تورکیا بک□ن ل□ بواری زانیاری س□بار□ت ب□ پ□گ□ی چ□کدارانی پ□ک□ک□و جموج□□□کانیان.

د□س□□اتی میلیشیایی پارتی و ی□ک□تی ت□نها س□وداو مام□□□کردن و پاشک□بوونیان نی□ ب□ د□و□□تان، ل□و□ واو□تر سیو دوو سا□□ بون□ت□ ب□□او د□ردیس□ری و ب□دب□ختی□کی و□ها ب□ دانیشتوانی کوردستان، ک□ نا□□زای□تی□ ج□ماو□ری□کان گ□یشت□ت□ ئاست□ک خ□□کی ئامادن پ□نا ب□ ش□یتانیش ب□رن تا بارزانی و تا□□بانیان ل□ک□□ ب□ت□و□!